## جاشەکانیش ڕاگەیاندنی پارتێکی سیاسی وابەستە بە خۆیان بە ناوی
## پارتی ئازادی دادپەروەری کوردستان ڕاگەیاند

مەهدی کاوانی/بەریتانیا
mahdikawani@yahoo.co.uk



هەفتەیەک بەر لەئێستا، کە دەکاتە 2007/09/01 جەوهەر محیەدەین ئاغای هەرکی بە سەرکردایەتی خۆی و ئازاد حەمید نورانی جێگری یەکەمی و ڕزگار خالید مەحەمەد دۆسکی جێگری دووەمی بە گوێرەی ئەو بەیاننامەیەی کە بڵایان کردۆتەوە بۆ ئەو حیزبە نوێیەیان هەلبژێردراون . دیارە جەوهەر ئاغا کە خۆی بە سەرۆکی هەرکیەکان دادەنێ ، لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو سەرۆکی فەوجە خەفیفەکانی جاشەکان بووەو ڕاوێژکاری دیوانی سەرۆکایەتی کۆمارو ئەندامی بە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عیڕاق بووە بۆ ماوەی سێ خول.

هەر دوا بەدوای بڵاو بوونەوەی بەیاننامەکەیان عزەت دووری بە ناوی سەرۆکی حیزبی بەعسیەوە پیرۆزبایی گەرمی لێ کردن و ئومێدی ئەوەی بۆ دەخواستن کە کارەکانی ئەوان و خۆیانەوە لە دژی ئەمەریکیەکان و دەسەڵاتی کوردی و عێڕاقی ئێستە یەکانگیرو هاوکار بن پێکەوە بۆ گەڕانەوەی سەروەریەکانی حکومەتی سەدامی پێشوو .

ئەو پارتە نوێیە ،یان چاکتر بڵێین کۆن و نوێیە .واتە کۆنە بەو مانایەی کە دەیەوێ لە کوردستانی ئازاد دەنگ و ڕەنگی دەسەڵاتی پێشوو و ئیمتیازە کۆنینەکان بگەڕێنەوە . نوێشە بەوەی دەیەوێ خۆی پۆشتە بکات بە هەندێ واقیعی فەرز کراو لە بابەت فیدرڕاڵیەوە کە ئاسان نیە نکۆلی لێ بکرێت . کۆنە بەوەی کە قەوانی کۆنە دەسەڵاتی سەدام لێ دەداتەوە بە ناوی یەکیەتی گەلی عیڕاق ونەهێشتنی جێ پێ شوێنی ئیستعمارو نۆکەرانی و دەرکردنی هێزەکانی داگیرکاری بێگانە . نوێیە بەوەی کە دەیەوێ لە ڕیگای پارتێکی ئاغاو دەرەبەگی موزایەدە بە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بەوەی ئەوان پاریزگاری لە هاوڵاتیان و ئازادی خەلک و بەر قەرار بوونی یاسا ناکەن و دهیانەوێ موئەسەساتی دەولەت لە بن دەستی بەحیزبی کردنی ئەو دوو حیزبەوە ،دەربێنن . کۆنە بەوەی کە داوای یەکیەتی خاکی عیڕاق و پارچەپارچە نەبوونی و لە ناو بردنی دەسەڵاتی بێگانە کە هەمان قەوانی کۆنە بەعسیەکانە لێدەداتەوە . نوێیە بەوەی کەدەیانەوێ هەندی هەلی نالەباری ناوچەکە بۆ قازانجی خۆیان وەرچەرخێننەوە . کۆنە بەوەی کە کەرکوکی مێژوو و خەونی سەدەیەکی تێکۆشانی کورد کە هەرچی زووە بیگێڕنەوە بۆ ناو خاکی نیشتمانی دایک ، ئەوان کە نایانەێ باس و خواسی لە سەر بکەن و بیهێننەوە ناو ناوانەوە،بە هۆیەوە یەک مانات دەداتە دەست کە ئەوانە بیانەوێ کەرکوک بە فەریکی تەسلیمی عەقلیەتی ڕژێمی پێشو و بابەتەکانی ئێستایان بکەن . ئەو عەقلیەتەی
کە هەموو گەلانی عیڕاقی لە ناو گۆمی خوێن وەرداو هیچیان پی نەەکرا .

کەچی تازە بەتازە ئاغاواتی کوردستا دەیانەوێ ئەو کەونە قەوانە بۆ بەعسیەکان لێدەنەوە . نوێە بەوەی کە نامەیەکە ئاڕاستەی شۆڤینی عەرەب و کۆنە بەعسیەکان بکەن ئەگەر ئێوە هەبن بۆمان و کۆمەکی مادی و مەعنەویمان بکەن ئێمەش لێرە دەروازەیەک دەکەینەوە بۆ ئەوەی کارەکانی ئێوەو ئیمە بگاتە ئاستێک و بەدوایەوە خەونی وڵادەت بوونی دەولەتی کوردی دروست نەبێت .

خۆزگە ئەوانە نەختۆکەک دراسەی هەل و مەرجی گونجاوی ناوچەکەیان کردبایەو هەندێ بەرنامەی مەعقول و هەندک سۆزی نەتەوایەتیشی تێدابایە با درۆزنانەش بوایە ،ئەو کاتی ئەگەر هەندک خۆشیان بادابایە ،لەگینتر بوو . ئایا ئەوان سوودیان لە ئەزموونی پارتی پارێزگارانی کوردستان وەرنەگرت پاش ڕاپەڕین و باری ئێستایان لە کوێ گیرساونەتەوە . ئەوان نەک دەیانگۆت دەبێ کەرکوک بگەڕێتەوە سەر خاکی کوردستان بەلکو بە ناوی وڵایەتی موسڵ داوای موسڵ و پێک هێنانی دەولەتی کووردیشیان دەکردو لە ڕاپەڕینیش خۆیان دایە پاڵ کوردان لە دژی ڕژێم . دەبوایە ئێوە سودتان لە ئەزموونی ئەوان وەرگرتبایەو لە ڕێگەیەوە خۆشتان تووشی سەر ئێشەی لەو بابەتانە نەکردبایە . هەلەی پارتی

پارێزگارانی کوردستان بەوە بوو وایان دەزانی بە موزایەدەی شعارات ملەت بە دوایان دەکەوێ و ئەو جوتیارانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی کۆنیش بە ناوی عەشیرەتی سوورچیاتی چەکی بۆ هەلگرتبوون ، بەگەریان دەکەون . شتەکانیش بە هە ردوو لا وا نەکەوتەوە. ئێستاش لە گەڵ دابێ ڕۆشەنبیرو تێکۆشەرانی ئەو گەلە ستەم دیدەیە  لە ڕاپەڕینەوە تا وەکو ئێستا نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەو دوو حیزبە دەردەبڕن کە نابێت گرنگی بدەن بە کۆنە جاش و بەکرێگیراوانی ڕژێمی پێشوو . جەماوەری کورد قسە لەو بابەتانە بەو دوو پارتە بلێ ، دەبی بە ئێوە چی بلێ . کورد عاشقی خاکە، نیشتمانە ، ئازادیە ، عاشقی بەرەو پێشەوە چوون و گەشەکردنە ، عاشقی ئەوەیە کە ڕووی دەسەڵاتی ئێستا جوان تر بکات نەک بە ئێوەو سەلەفەکان و ئی تری لە بابەت ئێوەوە بگۆڕێتەوە ،یان خوازیاری سیستەمی عەشایەری یان دین بێت . بژاڤی کوردی و ئاستی وشیاری کورد لەوە دەرچووە کە جۆرە بانگێشەی لەو بابەتانە بتوانن هیچ بە هیچ بکەن . ئەو دەورو بەرە دژە کوردەی کە کۆمەک و تانیشتان تی دەدەن لە چۆنیەتی هەلسوکەوتی کوردو داخوازیەکانیان نەگەییون . لەوە نەگەیون کە کورد دەیەوێ بە سەر کەوێ نەک بۆ دواوە بگەڕێتەوەو . هەراو هۆریایەکەی ئەو کۆنگرەیەی کە بڕیار وابوو لە وڵاتی مسر بگیرێ ، ئەنگۆ و یەکگرتووی ئیسلامیش بە گەر کەوتن . بەڵام کە کورد لە دژتان کردیە هەڵا بە پەلە یەکگرتوو و ئەیاد عەلاوی و زۆرانێکی تر خۆیان کێشایەوە ،زۆرەکەی لەبەر ئێوە بوو کە ناوبانگی باشتان  نەبووەو تێکڕای کورد بە دریژایی تێکۆشانەکانیان ئێوەیان بە جاش و ئەلقە لەگوێی ڕژێمە پێشەوەکان حیساب کردووە . ئەو حیزبانەی کە دەهاتن پاکانەشیان دەکرد ، قسەکانیان بۆ ئەوە دەبردەوە کە ئەوان ئەگەر بەشداری کۆنگرەی لەو بابەتانەشیان کردبایە ، نەیان دەهێشت نوێنەری کۆنە جاشەکان واتە ئێوە تیایا بەشدار بن .

سەردەمی خۆی واتە پاش 11ی ئازاری 1974 حکومەت ئەو هەموو محاوەلانەی کرد کە لە ڕێگەی ئەو دەزگا ئۆتۆنۆمیە ساختەیەی کە لە نۆکەرانی خۆی پێک هێناو لە گەڵ کۆمەک کردنی هەندێ پارتی دەسکردی وا بەستە بە خۆیەوە لە بابەت پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان کە شێخ عەبدول ستار سەرۆکایەتی دەکرد لە گەڵ پارتی تەقەدومیینی ئەکراد کە مەلا عەبدولا ناسراو بە مەلا ماتۆڕ سەرۆکایەتی دەکرد وبە هەموو شێوەیەکیش لە لایەن ڕژێمەوە باشترین کۆمەک دەکران و لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە لە ئاستی ناوەوەو دەرەوە گەورەترین پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکرا تا وەکو حکومەت بتوانێ وجودێکیان بۆ پەیدا بکات و لە ڕێگایەوە چەواشەی ڕای دەرەوەو ناوەوە بکات کە ئەمانە نوێنەری کوردن. پرسیار : ئایا هیچیان بە هیچ کرد کورد بەگەریان کەوت یان پێیان دەگۆتن جاش و نۆکەر . خۆ ئەوان لە زۆر ڕووەوەو زۆر لە ئێوە لە پێشتر بوون هەر چ نەبی سەردەمانێک خۆیان لە ناو جولانەوەی کوردو شۆڕشی کورد بینیبوەوە . ئایا ئەوان هیچیان بە هیچ کرد کە ئەو کاتی حکومەت لەو پەڕی بەهێزیش بوو و کوردیش چارەنوسی بە مان و نەمان بەسترابۆوە . کەچی ئێستاکە باری کورد لە هەموو ڕوویێکەوە ئەگەر بەراورد بکەین لە گەڵ ئەو کاتی 100 % بەرەو باشتر ڕۆیشتیە . ئەو بارە لەوان بەو شێوەیە قبوول نەکرابێ چۆن کورد بۆ ئێوە قبووڵ دەکات کە باش دەزانی 100% ئێوە چنەو باکگڕاوندیشتان چۆنچۆنی بووە .

2007/09/07